ISSN: 1994-4217 (Print) 2518-5586(online)

Journal of College of Education

Available online at: https://eduj.uowasit.edu.iq

# Chamchaml Citadel based on the historical sources 1820-2013

**Dr. Omed Xatab Wahab**

**Directorate General of Education in Sulaimaniyah**

**Dr. Jawhar Jalal Wsu**

**Bright Technical and Vocational Institute - Sulaimaniyah**

**Email:**
umedxatab@gmail.com
Jawhar.wsu@btvi.edu.iq

***Keywords:***

**Citadel , Chamchamal, Miltiray**

CC BY

**Article info**

***Article history:***

Received 10.Sep.2025

Accepted 15.Oct.2025

Published 28.Nov.2025

A B S T R A C T

Chamchamal citadel is one of the ancient citadels in Kurdistan region-Iraq. Its shape is in circular, the total area of the base of the citadel is larger than its upper part. It was constracted on the steady ground near a water source. The history of the citadel constration is still unknown, so that many different opinions related to its constation histoty have been emerged. There is only a road to clim the citadel, and it is used for many reasons such as: defence, economy, enforcement of the law, …etc. The height of the citadel is different from all its corners, and the castle is located over the main road between Kirkuk and Sulaymaniyah, and control its surrounding. During the Othman Empire rule in the region, a military fort was built there, but it was destroyed in the 1950s. In 1989, Chamchamal Municipality decided to build a defensive wall surrounding the castle as weel as a (1.5) meter fence with eight watchtowers on the castle.

The reason behind choosing this topic for the dissertation is that so far there is not a special study about this topic in Kurdistan and Iraq universities.

The objective of current study is to answer some questions related to the history of the construction of citadel regarding the explorers and Archaeologists, the hight of the citadel, the objectives behind its constration.

Through the current study, method of historical study is depended on in which the knowledge is analyzed, ciompared and then presented.

The structure of the study consists of an introdtcion, five main sections, results and list of refrences. Within the introduction, history of chamchaml is refered breavly, the nem of Chamchamal citadel in the historical sources is described while in the second section shape and place of the citadel are explained. Third section is dedivated to explain height, water resources and ways to Ascend the citadel, Fourth section is dedivated to discuss about the history of the citadel construction in the explorers and archaeologists' points of view, and in the last section, the reasons of building the citadel are described. The study ends with presenting the conclusion of the study .

© 2025 EDUJ, College of Education for Human Science, Wasit University

**DOI:** https://doi.org/10.31185/eduj.Vol61.Iss3.5090

# قلعة جم جمال من المصادر التاريخية ١٨٢٠– ٢٠١٣

م.د. أوميد خطاب وهاب
المديرية العامة لتربية السليمانية

م.د. جەوهەر جەلال وسو
المعهد التقني والمهني برايت ـ السليمانية

**الخلاصة:**

تُعَدّ قلعة جم جمال إحدى القلاع القديمة في إقليم كردستان العراق، وتتميز بشكلها الدائري وقاعدتها الواسعة مقارنةً بجزئها العلوي. شُيِّدت القلعة على أرض ثابتة بالقرب من مصدر للمياه، غير أن تاريخ بنائها لا يزال مجهولًا، مما أدى إلى ظهور آراء متباينة حول زمن تشييدها. ولا يوجد سوى طريق واحد للصعود إليها، وقد استُخدم لأغراض متعددة مثل الدفاع والاقتصاد وإنفاذ القانون. كما يختلف ارتفاع القلعة بحسب زواياها المختلفة، وتقع على الطريق الرئيس بين كركوك والسليمانية، الأمر الذي جعلها تسيطر على المناطق المحيطة. وخلال فترة الحكم العثماني، أُنشئ حصن عسكري في موقعها، لكنه دُمِّر في خمسينيات القرن العشرين. وفي عام ١٩٨٩ قررت بلدية جم جمال بناء سور دفاعي يحيط بالقلعة، إلى جانب سياج بارتفاع ١,٥ متر مزوّد بثمانية أبراج للمراقبة.

ويعود اختيار هذا الموضوع إلى غياب الدراسات والأبحاث الخاصة بتاريخ قلعة جم جمال في جامعات إقليم كوردستان والجامعات العراقية.

ويهدف البحث إلى الكشف عن تاريخ بناء القلعة، والإجابة عن بعض التساؤلات المرتبطة بها، ولا سيما آراء الباحثين والرحالة والمستكشفين وعلماء الآثار؟، إلى جانب تحديد غايات بنائها؟.

وقد اعتمد البحث على المنهج التاريخي في جمع المعلومات من مصادر متنوعة، مع الاستعانة بالمنهج التحليلي لمقارنتها وصياغتها بصورة متكاملة.

ويتألف البحث من تمهيد وخمسة مباحث رئيسة ونتائج وقائمة بالمصادروالمراجع، حيث يتناول التمهيد نبذة موجزة عن تاريخ جم جمال، ويعرض المبحث الأول ذكر القلعة في المصادر التاريخية، بينما يشرح المبحث الثاني شكلها وموقعها، وفي المبحث الثالث تحدثنا عن ارتفاع و مصادر المياء و طرق الصعود الى القلعة، المبحث الرابع يركز على تاريخ بنائها وفقًا لآراء الباحثين والرحالة والمستكشفين وعلماء الآثار، في حين يتناول المبحث الخامس أسباب بنائها. وفي الختام تمّ عرض أهم الاستنتاجات التي توصل إليها البحث.

**الكلمات المفتاحية:** القلعة ، جم جمال ، العسكرية

# قەڵای چەمچەماڵ لە سەرچاوەكانی ساڵانی ١٨٢٠-٢٠١٣

**م.د. أومید خطاب وهاب** **م.د. جەوهەر جەلال وسو**

**بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی** **پەمانگای تەكنیكی و پیشەیی برایت**

**پوختە**

قەڵای چەمچەماڵ یەكێكە لە قەڵا دێرینەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق، لە شێوەی بازنەی دایە، ڕووبەری خوارەوەی قەڵاكە لە سەرەوەی گەورە ترە، لەسەر زەوییەكی لێژ و لە نزیك سەرچاوەی ئاوەو بنیاد نراوە، مێژووی بنیادنانی بە تەواوی نەزانراوە، یەك ڕێگای سەرەكی بۆ سەركەوتن هەیە، بە مەبەستی جۆراوجۆری وەك (بەرگری، ئابووری، سەپاندنی یاسا... هتد) بنیادنراوە، بەرزیی قەڵاكە لە هەرچوار لاوە جیاوازە و دەڕوانێتە سەر ناوچەكانی دەووروبەری بە گشتی و بەتایبەتی ئەو ڕێگا سەرەكییەی لە كەركوكەوە بۆ سلێمانی دەڕوات، لە سەردەمی عوسمانییەكاندا قشڵەیەكی سەربازییان لەسەر بنیاد نا، تاوەكو لە پەنجاكانی سەدەی ڕابردوودا بە تەواوی ڕووخێندرا، لە ساڵی (١٩٨٩) شارەوانی چەمچەماڵ دیوارێكی ڕاگری لە خوارەوەی قەڵا و شورایەكی بە بەرزیی (١,٥م) و هەشت قوللەی چاودێری كردنیان لەسەر قەڵا بنیاد نا.

**هۆكاری هەڵبژاردنی** ئەم بابەتە بۆ گرنگی مێژووی بنیادنانی قەڵا دەگەڕێتەوە، جگە لەوەی لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان و عێراقیشدا توێژینەوەیەكی زانستی دەربارەی مێژووی بنیادنانی قەڵای چەمچەماڵ ئەنجام نەدراوە.

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە** بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێكە، لەوانە **مێژووی بنیاد نانی قەڵا لە ڕوانگەی گەڕیدەو شوێنەوارناسانەوە؟ ئامانجەكانی پشت بنیادنانی قەڵا چی بوون؟.**

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە **میتۆدی توێژینەوەی مێژووی** بەستووە و زانیارییەكانمان ڕێكخستووتەوەو خستوومانەتە ڕوو.

**پیكهاتەی توێژینەوەكەمان** لە دەروازەیەك و پێنج تەوەری سەرەكی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان پێك هاتووە.

وشەكلیل (قەڵا، چەمچەماڵ، سەربازی).

**پێشەكی**

**گرنگی بابەت:** قەڵای چەمچەماڵ دەكەوێتە ناوەڕاستی شارەوە و دەڕوانێتە سەر ناوچەكانی دەووروبەری، ناوبانگێكی مێژوویی بە چەمچەماڵ بەخشیووە و بەشێكی گرنگ و جێگەی یادگاریی چەندین نەوەی یەك لە دوای یەكی چەمچەماڵە، بەپێی ئەنجامەكانی كنە و هەڵكۆڵین و پشكنینەكان دەشێت لەسەر پاشماوەی شارێكی دێرین، قۆناغ بە قۆناغ بە تێپەڕبوونی كات بنیاد نراوە، قەڵاو چەمچەماڵ دوو ناوی بە یەكەوە گرێدراون و پێكەوە ناویان لە سەرچاوە مێژووییەكاندا هاتووە، كەواتە قەڵا تەنیا بریتی نییە لە ناوچەیەكی شوینەواریی، بەڵكو نیشانە و گەواهیدەرە بۆ بوونی شارستانییەتێكی دێرین لە چەمچەماڵدا، كە دراوسێی چەندین ناوچەی شوینەوارییە لە سنوورەكەدا، جگە لەوەی شوینی پیكدادانی نێوان هێزە جۆراوجۆرەكان لە سەردەمە جیاوازەكاندا بووە.

**هۆكاری هەڵبژاردنی** ئەم بابەتە بۆ گرنگی و كاریگەریی پێگەی قەڵا و بەكارهێنانی لە لایەن دەسەڵاتە یەك لە دوای یەكەكانەوە دەگەڕێتەوە، كە قەڵا هەمیشە لە شەڕەكاندا فاكتەرێكی گرنگ یەكلاكەرەوە بووە، بەجۆرێك هەر هێزێك دەستی بەسەر قەڵادا گرتبێت تاوەكو ڕادەیەكی باش سەركەوتنی بە دەست هیناوە، جگە لەوەی تاوەكو ئیستا لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان و عیراقیشدا توێژینەوەیەكی زانستی دەربارەی مێژووی قەڵای چەمچەماڵ ئەنجام نەدراوە.

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە** بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی تایبەت بە مێژووی بنیادنانی قەڵایە، لەوانە **دەستنیشانکردنی مێژووی بنیادنانی قەڵا لە ڕوانگەی گەڕیدەو شوێنەوارناسانەوە؟ ئامانجەکانی بنیادنانی قەڵا چی بوون؟.**

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە **میتۆدی توێژینەوەی مێژووی** بەستووە و زانیارییەکانمان ڕێکخستووتەوەو خستوومانەتە ڕوو.

**لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا چەند گرفتێك هاتە پێشمان،** لە گرنگترینیان بریتی بوو لە کەمی کات و نەبوونی سەرچاوەو ڕاپۆرتی زانستی باوەڕپێکراو دەربارەی مێژووی بنیادنانی قەڵاو ئەو کەرەستە شوێنەوارییانەی کە تێیدا دۆزراونەتەوە.

لە نووسینەوەی ئەم توێژینەوەیەدا سوود لە کۆمەڵێك بەڵگەنامە و سەرچاوەی ڕەسەن و وتار وەرگیراوەو لە کۆتایی توێژینەوەکەدا لە لیستی سەرچاوەکان خراوەتە ڕوو.

**پێکهاتەی توێژینەوەکەمان** لە دەروازەیەك و پێنج تەوەری سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێك هاتووە، لە دەروازەدا بە کورتی ئاماژەمان بۆ مێژووی چەمچەماڵ کردووە، لە تەوەری یەکەمدا باسمان لە ناوی قەڵا لە سەرچاوە مێژووییەکاندا کردووە، لە تەوەری دووەمدا باسی شێوەو شوێنی جوگرافی قەڵامان کردووە، لە تەوەری سێیەمدا باسمان لە بەرزیی و سەرچاوەی ئاو و ڕێگاکانی سەرکەوتن بۆ سەر قەڵا کردووە، لە تەوەری چوارەمدا مێژووی بنیاد نانی قەڵامان لە ڕوانگەی گەڕیدەو شوێنەوارناسانەوە خستووەتە ڕوو، لە تەوەری پێنجەمدا هۆکارەکانی بنیاد نانی قەڵامان باسکردووە.

**دەروازە: ناساندنی چەمچەماڵ**

چەمچەماڵ یەکێکە لە قەزا دێرینەکانی کوردستان و لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کۆماری عێراقی فیدراڵ هەڵکەوتووە، (٣٥٠کم) لە بەغدادی پایتەختەوە دوورە، لە نێوان شارەکانی کەرکوك و سلێمانی دایە، بەجۆرێك (٤٥کم) لە کەرکوك و (٥٨کم) لە سلێمانییەوە دوورە، هاوکات زنجیرە چیاکانی (سەگرمە، دەربەندی بازیان، باسەرە، کلکە سماق) لە ڕۆژهەڵاتییەوە هەڵکەوتوون، بەرزاییەکانی بانی (مەقان) لە باکووری ڕۆژئاوایەوە بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی درێژ بووەتەوە، لە باکوورییەوە ڕووباری زێی بچووك و قەزای کۆیەی سەر بە شاری هەولێرە، لە باشوورییەوە ڕووباری ئاوەسپی لە قەزای کەلاری جیا دەکاتەوە. (الهاشمي، ١٩٣٠، ٢٤٥ ؛ عزیز،٢٠١١، ٢٣). درێژی ڕووبەرەکەی نزیکەی (١٠٠کم)ە و لە ڕووی کارگێرییەوە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا سەر بە سنجقی سلێمانی بووە. (د.ك.و، ١٩٣٩-١٩٥٥، ١٤). دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی (١٨٥١) کۆتایی بە میرنشینی بابان هینا و چەمچەماڵی کردووە بە قەزا، لە چوارچێوەی سنووری کارگێری سنجقی سلێمانیدا سەر بە ویلایەتی شارەزوور بووە، لە ساڵی (١٨٩٢) ناوی ویلایەتی شارەزوور بۆ ویلایەتی موسڵ گۆڕا، لەو کاتەدا چەمچەماڵ بە قەزای بازیان ناوبراوە، بەڵام پێگەی بەڕێوەبردنی کارگێری قەزاکە لە چەمچەماڵ بووە. (ادموندز، ١٩٧١، ٤١ ؛ وهاب، ٢٥،٢٠٢١). چەمچەماڵ بە سامانی سروشتی بەتایبەتی (نەوت، غاز، خوێی چیشت... هتد) دەوڵەمەندە. (خەتاب، ٢٠١٠، ٩). کەواتە چەمچەماڵ شوێنیکی ستراتیژی گرنگی هەیە و شارەکانی سلێمانی و کەرکوك بە یەکەوە دەبەستیت و خاڵی بە یەکەوە بەستنەوەی سلێمانی بە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوەیە، بەوهۆیەوە لە کۆندا ڕێگایەکی گرنگی کاروانە بازرگانییەکانی لەسەر بووە. (جبار،٢٠٠٩، ٦).

چەمچەماڵ لە چاخەکانی پێش مێژووەوە ناوچەیەکی ئاوەدان و خاوەن شارستانییەت بووە و چەندین ناوچەی شوینەواریی تێدایە. (أغا-ملا مصطفى،١٩٥٧، ٢٦٣). بەپێی تۆماری بەڕێوبەرایەتی فەرمانگەی شوێنەواری عێراق

(١٤٢) ناوچەی شوینەواریی[١] لە سنووری چەمچەماڵدا هەن و لە چاخەکانی پیش میژوودا مرۆڤی نیاندەرتاڵی تێدا ژیاوە. (١٩٧٠، ١٩٩ –٢٠٣؛ باقر، ١٩٧٣، ٦٢٠–٦٢١ ؛ پیریادی، ٢٠١٠،٥). هاوکات چەند نزرگە لە سنووری چەمچەماڵدا هەیە، کە بەشێك لە هاووڵاتییان بە مەبەستی گیرابوونی نزاکانیان سەردانیان کردووە، لەوانە (خدری زیندە لە بەرزاییەکانی بانی مەقان لە پشت گوندی مۆفەر، گۆڕی شێخ سەعید لە ڕۆژئاوایی چەمچەماڵ، شێخ ڕەش لە نزیك گوندی کانی شەیتان، ئیمام بابا زەنون لە گوندی پیریادی، پیر محەممەد لە گوندی زەنان، شێخ مەعروف کە ناسراوە بە (شێخ مارفە کۆسە) لە گوندی کانی کەوە، سەید مستەفا لە گوندی چۆڵمەك، ئیمام شاسوار لە گوندی کەلان، بۆر سوار لە گوندی قوامراو، گۆڕی شیخ عەبدولکەریم لە گوندی کرپچنە و گۆڕی شیخ حەسەن لە گوندی کانی چنار… هتد). (د.ك.و، ١٩٣٩–١٩٥٥، ١٠).

لە سنووری چەمچەماڵ و دەوورووبەریدا هۆزەکانی (لەك، زەنگەنە، جاف، باڵەك، لوڕ، بلباس، شیخ بزینی، هەمەوەند، دزەی، ساداتی پیریادی، ساداتی جەباری، ساداتی بەرزنجە، دووڕاجی، مەنمی، کاوانی، ئۆمەربل، ساڵەی، کافرۆشی، گێژ، هورمزیار، کەلهوڕ دەلۆ، داودە، شیخان، بابان، زەند، شەرەف بەیانی، ماملیسی…هتد) نیشتەجێبوون. (شەریف، ٢٠٠٥،١٨٣؛ فتاح،٢٠١٢،١١). سەبارەت بە ئایینی دانیشتووانی سنووری چەمچەماڵ، هەرچەندە پێشتر چەند ماڵیکی مەسیحی و جوولەکە لە سنووری ئەم قەزایەدا نیشتەجێبوونە، بەڵام دواتر جوولەکەکان بۆ وڵاتی ئیسرائیل و مەسیحییەکان بۆ شارەکانی کەرکوك و سلێمانی کۆچیان کرد، بۆیە دانیشتووانەکەی زۆرینەی موسڵمانی سوننە مەزهەب پەیڕەوی ئیمامی شافعین. (خەتاب، ٢٠١٠، ٩). هاوکات لە سنووری چەمچەماڵدا بەشیك لە پەیڕەوکارانی ڕێبازی کاکەیی کە پێشیان دەڵین چۆڵمەکی هەن، جگە لە ژمارەیەك مورید و لایەنگری هەقەکان[٢]. (وهاب، ٢٠٢١، ٢٥–٢٦). جگە لەوەی لە پەیڕەوکارانی ڕیبازی قادری چەند تەکیەیەکیان لە سنوورەکەدا هەیە، کە لە چەمچەماڵ لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە دەروێشەکانیان سەردانیان دەکەن و کۆڕی زیکر دەبەستن.

چەمچەماڵ لە مێژوویەکی دیرینەوە ناوچەیەکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی بووەو یەکێك لە دێرینترین گوندی کشتوکاڵی لە سنوورەکەدا بە ناوی چەرمۆ دۆزراوەتەوە. (١٩٥١،١٤). هاوکات ڕێژەیەکی باشی توتن و سەوزەو میوەی تێدا بەرهەمدێت. (د.ك.و، ١٩٣٩، ١٥). لەلایەکی ترەوە لە میژووی نوێدا سنووری چەمچەماڵ لانکەی شۆڕش و قوربانیدان بووە، بەوهۆیەوە لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا (١٤٩٦٣٩) کەسی کۆمەڵکوژ کران، جگە لەوەی (٤٠٧) کەسی تر بە چەکی کیمیایی لە گوندەکانی گۆپتەپە و ئاغجەلەر کوژران. (شوانی،٢٠٠٥،٤).

---

(١) بریتییە لە شتومەکی گوازراوەو نەگوازراوە کە بنیاد نراوە یان دروستکراوە یان بەرهەم هێنراوە یان نەحت یان دەست نووس یان وێنەکێشان یان وێنەی مرۆڤ کە تەمەنی سەت ساڵ یان زیاتر بێت، بە شوێنەوار دادەنرێت. بە گشتی ناوچە شوێنەوارییەکانیش بریتین لە (ئەشکەوتەکان، گردە شوێنەوارییەکان، میل و پەیکەرە یادگارییەکان، قەڵاسەربازییەکان، گۆڕستانەکان، کەناری ڕووبارەکان). (الدباغ،٣،١٩٨١؛خوشناو،٢٠١٣، ١٧).

(٢) لقێکی ڕێبازی سۆفیگەرییە بۆ تەریقەتی نەقشبەندی دەگەڕێتەوە، لە لایەن (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە)وە سەرپەرشتی کراوە، کە ناوبراو هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی ئایینی ئیسلام بەشێوەی ڕاستەقینەی خۆی لە خەڵکی بگەیەنێت. (عەسکەری، ٢٠٠٨، ٣٣–٣٥؛ خوشناو، ٢٠١٣، ١٧).

**تەوەری یەکەم**

**ناوی قەڵا لە سەرچاوە مێژووییەکاندا**

قەڵای چەمچەماڵ لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بە چەند ناوێك ئاماژەی بۆ کراوە، لەوانە (ڕیچ) کە نوێنەری حکومەتی بەریتانیا لە عیراق بوو، لە سەردەمی دەسەڵاتی داود پاشا (١٨١٧-١٨٣١)، لە ئازاری (١٨٢٠)دا، لە بەغدادەوە بۆ سلێمانی هاتووە، لە (١٨٢٠/٥/٤) گەیشتووەتە چەمچەماڵ و دەربارەی قەڵاکە دەڵێت" **لە دەی پێش نیوەڕۆدا گەیشتینە هەوارەکەمان، کە چادرەکان لەسەر گردەکەی چەمچەماڵ هەڵدرابوون، جێگاکەش شوێنی هەوارێکی زۆر فراوانتری لەوەی ئێمەی تێدا دەبوویەوە، دەشتەکە هەر ڕووەو خۆرهەڵات شۆڕ دەبوویەوە، لەبەرئەوە گردەکە وای دەنواند، ... لەسەر تەوقە سەرییەوە ئەم وشانە دەنووسم بەسەر دیمەنێکی جوانی چیاکانی کوردستاندا دەنوارم...** ". (٢٠١٢، ٧٤). یەکێکی تر لەو کەسانەی کە ئاماژەی بۆ قەڵاکە کردووە بریتییە لە شاعیر فەقی قادر هەمەوەند (١٨٢٩-١٨٩٢) کە بە قەڵا تۆماریکردووە.(مدرس-عبدالکریم، ١٩٨٠،٧٤٠).

لە ساڵنامەی ویلایەتی موسڵی دەوڵەتی عوسمانیدا، لە باسی چەمچەماڵدا ئاماژەی بە بوونی گردێکی بەرز کە مەبەست قەڵایە کردووە.(١٣٢٥،٢٧٩). دواتر لە ڕۆژنامەی فەرمی حکومەتی عیراقی، بە پێی بەیانی ژمارە (٧) ئاماژەی بۆ ناوچەیەکی شوێنەواری لە سنووری چەمچەماڵدا کردووە، یەکێك لەوانە قەڵای چەمچەماڵە، کە وەکو یەکێك لە گردە شوێنەوارییەکانی چەمچەماڵ دیاریکردووە. (١٩٤٤، ٤). دواتر هەردوو شوێنەوارناسی عیراقی (ط باقر و فواد سفر) لە کتێبی (المرشد الى الموطن الاثار والحضارة) دەڵێن " **گردێکی شوێنەواری بەرزە ناوەندێکی کارگێڕی بووە لە سەردەمی بابلی و ئاشوورییەکاندا، لەوحەیەکی لە قوڕ دروستکراو دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ هەزارەی دووەمی پێش زایینی دەگەڕێتەوە، توێژەران لەو بڕوایەدان ئەم گردە پاشماوەی شاری ئاشووری (دورتالیتی)ە، کە لە شاڵاوی (ئاشوور ناصر پاڵی دووەم)، لە سەدەی نۆزدەیەمی پێش زایینیدا لە هێرشی بۆ سەر وڵاتی زاموا لە ناوچەی سلیمانی ئاماژەی بۆ کردووە**". (١٩٦٥، ١٤). هاوکات هەردوو نووسەر **(فهمي عرب اغا - فاضل محمد ملا مصطفى)** لە کتێبی (ماذا فی کرکوك) وەسفیکی لایەنە جۆراوجۆرەکانی چەمچەماڵیان کردووەو تێیدا ئاماژەیان بۆ چەند شوێنەوارێك کردووە، یەکێك لەوانە قەڵاکەیە و بە **(قەڵای چەمچەماڵ)** تۆماریانکردووە. (١٩٥٧، ٢٦٣).

لەلایەکی ترەوە بەڕێوبەرایەتی گشتی شوێنەواری عێراق لە میانەی چاودێری و دەستنیشانکردنی ناوچە شوێنەوارییەکان و تۆمارکردنیاندا، دوو کتێبی تایبەت بە شوێنەوارەکانی عێراقی چاپکردووە، لەوانە کتێبی (التلول والمواقع الاثرية) کە تایبەتە بە سەرجەم قەڵا و گردە شوێنەوارییەکان، کە تێیدا ئاماژەی بە (قەڵای چەمچەماڵ) کردووە. (٦٧،١٩٥٢). دواتر کتێبێکی تریان بە ناوی (المواقع الاثرية في العراق) چاپ کردووەو تێیدا ئاماژەیان بە قەڵای چەمچەماڵ کردووە. (١٩٧٠، ١٩٩). هەروەها مێژوونووسی عیراقی (عبدالرزاق الحسني)، لە کتێبی (موجز تاريخ البلدان العراقية) لە باسی لیوای کەرکوکدا باسی چەمچەماڵ و قەڵاکەی کردووە، کە لە ناوەڕاستی چەمچەماڵدایە و پاشماوەی بینایەکی داڕووخاوی لەسەر بووەو هێزی سەربازیی لەسەر جێگیر بووە. (١٩٣٣،١٩٢). هاوکات مامۆستا **(کەریم زەند) لە کتێبی جوگرافیای کوردستاندا، باسی چەمچەماڵی کردووەو لە وەسفی قەڵای چەمچەماڵدا دەڵێت " گردێکی مێژووی شوێنەوارییە ناسراو بە قەڵای ئاشوور**". (٢٠٠٤،466).

جۆری سێیەمی ئەو کتێب و سەرچاوانەی باسی قەڵای چەمچەماڵیان کردووە، بریتین لە چەند کتێب و وتار و توێژینەوەیەکی نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، کە تێیاندا ئاماژەیان بۆ قەڵای چەمچەماڵ کردووەو بە (قەڵای سپی حەسار) تۆماریان کردووە، لەوانە (سەروەر ئەحمەد کریم) لە کتێبی (چەمچەماڵ بەر لە مەملەکەتی ئاشور تا حکومەتی هەریم) سەبارەت بە قەڵای چەمچەماڵ نووسیویەتی (هەندێك کەسی دنیادیدەی ناوچەکە دەڵێن ئەم قەڵایە (سپی حەسار) لە داستانە کۆنەکانیشدا ناوی هاتووە). (٢٠٠٠، ١٧). هەروەها (هاشم سەید ئەحمەد) لە کتێبی (چەمچەماڵ لە یادەوەریمدا ١٩٦٠-

١٩٨٠)، نووسیویەتی **(بوونی قەڵای سپی حەسار لە ناوەندی ئەم شارە، دووبارە دێرینی ئەم شارە دەردەخات بەتایبەتی پاش دۆزینەوەی چەند ئاسەوارێکی کۆن ...)**. (٢٠٢٠،١٢). لەبەرانبەردا (عەدنان ڕەوف قادر) لە بابەتێکی دەربارەی چەمچەماڵ بەناوی (با تاوێك لای چەمچەماڵ بووەستین) لە گۆڤاری ئاران نووسیوە، کە تێیدا دەربارەی قەڵاکە نووسیویەتی**(قەڵای سپی حەسار شاری چەمچەماڵی بە دەوردا دروستکراوە لە چیرۆك و ئەفسانە کۆنەکاندا جاروبار ناوی دەبینرێت و پاشماوەی کۆنی وەك (گۆزە چەقۆ و دەستاڕو ... هتد، تێدا دۆزراوەتەوە، بەڵام زانا ئارکیۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆجییەکان هیچی وایان لەسەر نەنووسیوە)**. (١٩٩٦، ٣٤). لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بە خوێندنەوەی کتێب و سەرچاوەکان دەگونجێت بڵێین بەپێی مێژووی نووسینی ئەو کتێب و سەرچاوانەی کە باسی چەمچەماڵیان کردووە، بە سێ شێوە ناوی قەڵاکەیان بە (گردی چەمچەماڵ، قەڵای چەمچەماڵ، قەڵای سپی حەسار) تۆمارکردووە، بۆیە بە خوێندنەوەی سەرچاوەکان و هەڵسەنگاندنیان، دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین لە ڕووی زانستییەوە شیاوترین ناو بۆ قەڵاکە بریتییە لە قەڵای چەمچەماڵ.

**تەوەری دووەم**

**شێوەو شوێنی جوگرافی قەڵا**

قەڵای چەمچەماڵ لەسەر ڕووی زەوییەکی لێژ و بەشێوەیەکی ئەندازەی (٣٦٠) پلە لەهەر چوار لاوە بنیاد نراوە. (جاف، ٢٠٠٨، ٥)، بنکەکەی و سەرەوەشی لە شێوەی بازنەیی دایە، تاوەکو ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو شێوەی قەڵاکە نیمچە بازنەیی بوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بە هۆی دابارینەوە چینی سەرەوەی خاکەکەی ڕاماڵراوە، جگە لەوەی بەشێك لە هاووڵاتییان بۆ دروستکردنی تەندوور و مەقاڵە خۆڵی قەڵاکەیان بردووە، بەوهۆیەوە شێوەی قەڵاکە هێلکەیی دەردەکەوێت، بەشی خوارەوەی لە بەشی سەرەوەی فراوانترە، کە سەرەتا ڕووبەری سەرەوەی بچووکتر بووە، بەڵام دواتر لە ساڵی (١٩٥٩) لە سەردەمی قائیمقامی چەمچەماڵ عبدالمطلب القطان(١٩٥٩-١٩٦٠) بە هاوکاری کۆمەڵەی جووتیاران- لقی چەمچەماڵ و حیزبی شیوعی ع]راقی بە مەبەستی سازکردنی ئاهەنگەکانیان ڕووبەری سەرەوەی قەڵا فراوانکرا. (محمد، ٢٠١٩، ٢٧٧؛ پیریادی، ٢٠١٠، ٢٠). بەجۆرێك پانتایی سەر قەڵا (٢٩٢١م) ، واتا یەك دۆنم و (٤٢١م)، بەڵام درێژیی تیرەی ڕووبەرەکەی (٦١م) ە. (وهاب، ٢٠١٩). دواتر بە نیازبوون یانەیەکی ڕۆشنبیری لەسەر قەڵا دابمەزرێنن، بۆیە چەند مانگێك کاریان لە قەڵا کرد و چوار دەوری قەڵایان لە خوارەوە بۆ سەرەوە بڕی و دێراوی ڕێکوپێکیان لێدا، بەڵام دانیشتووانی چەمچەماڵ بەتایبەتی ماڵەکانی تەنیشت قەڵا بە بیانووی ئەوەی قەڵا دەڕوانێتە سەر ماڵەکانیان ڕازی نەبوون یانەیەك لەسەر قەڵا بنیاد بنرێت، جگە لەوەی لەلایەن فەرمانگەی شوێنەواری کەرکوکەوە بە بیانووی ئەوەی قەڵاکە موڵکی شوێنەوارەوە نابێت سیمای بگۆڕدرێت ڕێگرییان لێکرا. (رحیم،٢٠١٩؛ قادر، ٢٠١٩).

لە ساڵی (١٩٨٩) شارەوانی چەمچەماڵ بە یارمەتی و کۆمەکی چەند کەسێك و ڕاوێژکارێکی فەوجە سووکەکان جارێکی تر هەستان بە لێدانی دێراو لەهەر چوارلای قەڵا و پارکێك و فوارەیەکیان لە باشووری ڕۆژئاوای قەڵاکە دروستکرد و (١٠٠) داری سنۆبەریان چاند، هاوکات بۆری ئاو و تۆڕی کارەبایان بۆ هەر چواردەوری قەڵا ڕاکێشا، جگە لەوەی دیوارێکی ڕاگرییان لە خوارەوەی قەڵا بە دیارییکراوی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی قەڵاکەدا، بە بەرزیی (١,٥م) بنیادنا، هاوکات لەسەر قەڵاکەش شورایەکیان بە هەمان بەرزی دیواری ڕاگرەکە و هەشت قوللەی چاودێرییان بنیادنا، جۆرێکی وەها قەڵا تۆکمە کرا تەنها لە ڕێگا سەرەکییەکەوە و لە ڕێی دەرگایەکی ئاسنینەوە دەتوانرا بچیتە نێو قەڵاکەوە، مەبەستی سەرەکی شوراکەش بۆ ئەوە بوو ماڵەکانی خوارەوەی قەڵاکە لە سەربازەکانی سەر قەڵاوە دیار نەبن، لەبەر ئەوەی ئەوکات خەڵکی چەمچەماڵ وێنەی شار و شارۆچکەکانی تر، بە تایبەتی لە شەوانی وەرزی هاویناندا، لە سەربانەکانیان نووستون، جگە لەوەی بەرنامە و پلانیان هەبووە قەڵا بکەنە شوێنیکی گەشتیاری، بەڵام بەهۆی داگیرکردنی وڵاتی کوەیت لەلایەن سوپای عێراقییەوە ئەو کارە تەواو

نەکرا. (شاکەرەم، ٢٠١٩). هەرچەندە لە ساڵانی دوای ڕاپەڕین و پرۆسەی ئازادی عیراقەوە لە ساڵی (٢٠٠٣) چەند جارێك بەشێك لە نووسەران و ڕۆشنبیران داوایان لە لایەنی پەیوەندییدار کردووە کە پێویستە ئاوڕێك لە قەڵا بدرێتەوە، بەجۆرێك لانی کەم ڕێگریی لە زیاتر لەناوچوون و دارمانی خاکەکەی بکەن، بەڵام وەڵامی داواکارییەکان لە ئاستی پیویستدا نەبوو.

پێکهاتەی خۆڵەکەی تێکەڵەیەکە لە خۆڵی گوندەکانی سنووری چەمچەماڵ، کەواتە دەکرێت بووترێت ڕەنگی خۆڵی قەڵاکە جۆراو جۆرە، لەوانە لە لای باشووری ڕۆژهەڵاتییەوە ڕەنگی خۆڵەکەی ڕەشە، کە هەمان ڕەنگی خاکی سنووری گوندی پیریادییە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵ، لە بەرانبەردا لەلای ڕۆژهەڵاتییەوە ڕەنگی خۆڵەکەی سوورە، کە خۆڵی سنووری گوندی قورەتەیە.(کەریم، ٢٠١٩؛ جاف، ٢٠٠٨، ٥). بەوهۆیەوە بەشێك لە کەسانی بەساڵاچووی چەمچەماڵ ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتیان دەستیان بە بەرزکردنەوەی قەڵا کرد، بۆیە بە زەبری هێز دانیشتووانی گوندەکانی سنووری چەمچەماڵیان ناچار کرد، کە بە گونیە و تورەکە خۆڵ لە گوندەکانی خۆیانەوە بۆ قەڵاکە بهێنن و لەسەری ڕۆی بکەن. (ڕەحیم،٢٠١٩). هاوکات بەشێکی تری خاکەکەی بە تورکە خۆڵی سەرشانی دیلەکانی جەنگ هێنراوە. (جاف، ٢٠٠٨، ٥). هەربۆیە (ڕیچ) دەڵێت ئەم قەڵایە "**تورەکە ڕێژە**". (٢٠١٢، ٧٤). ئیمە پێمان وایە قەڵا لەسەر پاشماوەی شارێکی دێرین بنیاد نراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هێشتا لە چینەکانی هەرەخوارەوەیدا کنە و پشکنین و هەڵکۆڵین ئەنجام نەدراوە، ناتوانین ئاماژە بۆ ناوی شارەکە بە دیارییکراوی بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا دەکریت بڵێن قەڵا قۆناغ بە قۆناغ و بە تیپەڕبوونی کات و لە سەردەمە جیاوازەکان دروستبووە و دەکرێت لەقۆناغێکی دیارییکراودا کار لەسەر بەرزکردنەوەی کرابێت و خوڵی بۆ هێنرابێت و لەسەری ڕۆ کرابێت.

قەڵا سەرەتا لە ڕۆژئاوای چەمچەماڵ بووە، دواتر بە تێپەڕبوونی کات و گەورەبوونی ڕووبەری چەمچەماڵ و بنیادنانی خانوو لە هەرچوار لای قەڵاکە ڕووبەری چەمچەماڵ فراوان بووە، بەوهۆیەوە قەڵاکە کەوتووەتە ناوەڕاستی چەمچەماڵەوە، بەو شیوەیە ماوەتەوە تاوەکو ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، دواتر تاوەکو ساڵی (٢٠٠٣) بەهۆی دروستبوونی چەند گەڕەکیکی نوێوە ڕووبەری ماڵەکانی چەمچەماڵ گەورەتر بووە، بەوهۆیەوە دەکرێت بووتریت قەڵاکە دەکەویتە باکووری ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵەوە، لەسەر بازنەی پانی (٣٥-٣٢-١٣-٤) باکوور و هێڵی درێژی (٤٤-٥٠-٠٦-٣) ڕۆژهەڵاتەوە هەڵکەوتووە. (وهاب، ٢٠١٩).

**تەوەری سێیەم**

**بەرزی و سەرچاوەی ئاو و ڕێگاکانی سەرکەوتن بۆ سەر قەڵا**

قەڵا لەسەر پارچە زەوییەکی لێژ بنیادنراوە، بەوهۆیەوە بەرزیی لاکانی جیاوازن، لەو بارەیەوە (ڕیچ) دەڵێت" **لە کاتژمێر دەی پێش نیوەڕۆ گەیشتینە هەوارەکەمان، کە چادرەکان لەسەر گردەکەی چەمچەماڵ هەڵدرابوون، جێگاکەش شوێنی هەوارێکی زۆر فراوانتری لەوەی ئێمە تیا دەبوویەوە، دەشتەکە ڕووەو خۆرهەڵات شۆڕ دەبوویەوە لەبەر ئەوە گردەکە وای دەنواند کە لەلای خۆرهەڵاتییەوە لە چاو لایەکانی تریدا بەرزترە و بە بەرزایەکی وەك شیوە شاقوڵی سەد پێیەك زیاتر دەبوو**". (٢٠١٢، ٧٤). لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی توێژەران و نووسەران بەرزی قەڵاکەیان بە (٥٠م) داناوە. (قادر، ١٩٩٦،٣٤؛ کەریم، ٢٠٠٠، ١٦). بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی دروست، ئێمە بە بەکارهینانی (GPS) بەرزی قەڵاکەمان بەم شێوەیەی خوارەوە دیارییکرد:

**خشتەی ژمارە (١)**

**بەرزی قەڵا**

| قەڵای چەمچەماڵ | بەرزی ل هئاستی رووی دەریاوە بە مەتر | بەرزی لە ئاستی رووی زەوییەوە بە مەتر | تێبینی |
|---|---|---|---|
| باکوور | ٧٠٠ | ٢٦ | زۆر لێژە، ماڵ لە بن قەڵایە |
| باشوور | ٧٠٦ | ٢٤ | لێژییەکەی کەمترە لە ڕۆژهەڵات و باکووری |
| ڕۆژهەڵات | ٧٢٩ | ٢٨ | لێژی زۆرە |
| ڕۆژئاوا | ٧٢٦ | ١٧ | لێژی کەمە. (وهاب، ٢٠١٩) . |

لێرەوە بە تێروانینمان بۆ بەرزی قەڵاکە، ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە بەرزیی لایەکانی قەڵاکە لە یەکتری جیاوازن، بەجۆرێك لای ڕۆژهەڵاتی لە هەموو لایەکانی تری بەرز ترە، کە (٢٨م)ە و زۆر لێژەو چاڵ و چۆڵی و دارمانی لە لاکانی تر زیاترە، بەڵام ڕۆژئاوایی قەڵاکە لە هەموو لاکان نزمترە کە (١٧م) و داڕووخانەکەی لەلاکانی تری کەمترە.

بەهۆی بەرزی قەڵاوە کە دەیڕوانییە سەر چەمچەماڵ و دەوورووبەری لە مانگی ڕەمەزاناندا، بەتایبەتی هەردوو کاتی پارشێووان و بانگی مەغریباندا لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقییەوە لە ساڵی (١٩٢١) تاوەکو ڕاپەڕینی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩١) چەند کەسێك بە مەبەستی هەستانی خەڵکی لە پارشێووان و کاتی بانگی مەغریباندا چوونەتە سەر قەڵا و دەهۆڵیان لێدا. (دەهۆڵچی،2013،٢؛ حمەڕەش،٢٠١٩، ٩). هاوکات بەهۆی پێگەکەی کە دەیڕوانییە سەر ناوچەکانی دەوورووبەری، چەند جارێك ئاگری نەورۆز لەسەر قەڵا کراوەتەوە و خەڵکی کۆبوونەتەوە و ئاهەنگیان گێڕاوە.(موحەممەد، ١٩٩٨،٥).

جێگەی باسە قەڵا لە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)ەوە پەراوێز خراوە، بۆ ماوەیەکی کاتی هێزی پێشمەرگەی لەسەر جێگیر کراوە، دواتر ئەو هێزەی لەسەر نەماوە، بەوهۆیەوە بەشێك لە هەموو چین و توێژەکانی چەمچەماڵ و دەوورووبەری بۆ بینینی دیمەنی سروشتی سنوورەکە سەردانی قەڵایان کرد، لێرەوە کۆبوونەوەی خەڵکی لەسەر قەڵا بووە هۆی بێزاربوونی ماڵەکانی خوارەوەی قەڵاکە، بەوهۆیەوە نارەزایان دەربڕی و سکاڵایان لە قائمقامیەتی چەمچەماڵ تۆمار کرد، لە ئەنجامدا توانرا بۆ ماوەیەك ڕێگری لە چوونی خەڵکی بۆسەر قەڵا بکریت، بەڵام دوای ماوەیەك چوونی خەڵکی بۆ سەر قەڵا دەستپێکردەوە، بۆیە بەشێك لە ماڵەکانی خوارەی قەڵا ناچار ماڵەکانیان بۆ گەڕەکیکی تر گواستەوە. (کەریم،٢٠١٩ محەممەد،٢٠١٩). لەلایەکی ترەوە بەشی باشووری قەڵاکە بەلای بازاڕی لەنگەفرۆشەکاندا کراوەتە شوێنی وەستاندنی ئۆتۆمبێل و مۆلیدەیەکی ئەهلیان تێدا داناوە، هاوکات پاشماوەیەکی زۆری زبڵ و خاشاك لە دەوورووبەری قەڵاکە فڕێدراوە.(ئەبوبەکر، ٢٠٠٩، ٤).

ڕێگاکانی سەرکەوتن بۆ سەر قەڵا، بریتیە لە ڕێگایەکی سەرەکی پێچاوپێچ کە درێژییەکەی (١٥٥م)ە و، لە باکووری ڕۆژئاوای قەڵاکە دایە، هەرچەندە تاوەکو پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو ئەم ڕێگایە وەکو پێویست نەبوو، بەڵام دواتر فراوانتر و ڕێکخرا، بەجۆرێك هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێکی گەورە و بچووکی پێدا سەردەکەوێت. (وهاب، ٢٠١٩) . هاوکات سێ ڕێگای لاوەکی باریك و سەخت، کە تەنها یەك کەس دەتوانیت پێدا بڕوات، لە ڕۆژهەڵات و باکوور و باکووری ڕۆژئاوای قەڵاکەدا هەیە، لە وەرزی بەهاراندا بەهۆی گژووگیاوە ئەم ڕێگایانەش دادەپۆشرێن بەوهۆیەوە هاتووچۆکردن پێیاندا قورسە، جگە لەوەی بە هۆی گژووگیاکەوە مەترسی خزانی هەموو ئەو کەسانە هەیە کە بە ئەم ڕێگایانەدا دەڕۆن. (محەممەد، ٢٠١٩).

سەرچاوەی ئاوی قەڵاکە لە سەرەتای بنیادنانییەوە بریتی بووە لە بیرێکی دەستکردی بە بەرد هەڵچنراو لە باشووری قەڵاکە، کە بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە ئاوەکەی لە کاتی گەمارۆدانی قەڵاکەدا لێدراوە، دواتریش لە کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانییە کانەوە، لە ڕێگەی چەند کەسێکەوە کە پیشەیان ئاو کێشان بووەو پییان وتراوە(سەقا) کە بە کرێ ڕۆژانە ئاویان بە بەسەر

پشتی ئەسپ و گویدرێژەوە بۆسەر قەڵا سەرخستووە، هاوکات ماوەیەکیش سوود لە ئاوی کارێزو حەوزی مزگەوتی دێرینی چەمچەماڵ وەرگیراوە و دواتریش بە تەنکەر ئاو بۆ قەڵاکە هێنراوە. (ڕەشید، ٢٠١٩؛ ڕەحیم ٢٠١٩). جگە لەوەی لە نیو ڕێگا سەرکەوتن بۆ سەر قەڵاکە پاشماوەی ڕێرەویك کە بە خشتی سوور دروستکراوە لە خوارەوە بۆ سەر قەڵا ڕۆیشتووە دەبینرێت، بە وتەی چەند کەسێکی بەساڵاچووی چەمچەماڵ ئەوە ڕێڕەوە بریتییە لە (پاشماوەی بۆرییەکی دروستکراو، کە لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە بە مەبەستی ڕاکێشانی ئاوی بیرەکانی بانی مەقان بۆ سەر قەڵا دروستکراوە). بەڵام ئیمە پێمان وایە ئەو ڕێرەوە زیاتر لە شێوەی جۆگەلەیەك دەردەکەویت و پاشماوەی ئاوی بەکارهاتووی سەربازەکانی سەرقەڵای پێدا هاتووەتە خوارەوە، لەبەر ئەوەی لە ڕووی زانستییەوە ئاسان نییە، بەبی بەکارهێنانی ماتۆرێکی پێشکەوتوو ئاو بگەیەنرێتە سەر قەڵا.

**تەوەری چوارەم**

**مێژووی بنیاد نانی قەڵا لە ڕوانگەی گەڕیدەو شوێنەوارناسانەوە**

ژمارەیەك لەو گەڕیدەو شوێنەوارناسانەی کە بە چەمچەماڵدا تێپەڕ بوون و ماونەتەوە، لە یاداشتەکانیاندا بۆچوونی خۆیان دەربارەی مێژووی بنیاد نانی قەڵا تۆمار کردووە، لەوانە (ڕیچ) لە میانەی پشکنینێکی سادەیی چینەکانی سەرەوەی قەڵاکە چەند پاشماوەیەکی شوێنەواری وەکو (پارچە کوپە و دیزە...هتد) دۆزیوەتەوەو دەربارەی مێژووی بنیادنانی قەڵاکە نووسیویەتی " **ناتوانین تەمەنێکی بۆ دیاری بکەین یان بیگێڕینەوە بۆ سەردەمێك هەندێ لەتە گۆزەو دیزەی چاکمان دەستکەوت، ڕەنگیان سوورێکی تیر بوون، بەردی گەورەشمان تێدا دۆزییەوە بەڵام شتێکی وامان چنگ نەکەوت گرێدەکەمان بۆ دەستنیشان بکات، کە بەلای کەمەوە ئەبێت بۆ سەردەمی ساسانی (٢٢٦-٦٣٦ز) یان ڕەنگە لە تەمەنی ساسانی کۆنتر بێت**". (٢٠١٢، ٧٤). هاوکات (محەممەدی کوڕی ئەحمەدی حسێنی) ناسراو بە (مونشی بەغدادی) کە یەکێك بووە لە ئەندامەکانی تیمەکەی ڕیچ لە یاداشتەکەیدا باسی چەمچەماڵی کردووەو نووسیویەتی " **لە چەمچەماڵ قەڵایەك دروستکراوە، دەڵێن شاپوری کوڕی ئەردەشیری (٢٤٠پ.ز-٢٧٢پ.ز) ساسانییەوە دروستکراوە**". (٢٠١٤، ٥١). دەکرێت گەڕاندنەوەی تەمەنی قەڵاکە بۆ سەردەمی ساسانییەکان لەلایەن تیمەکەی ڕیچەوە، هۆکارێکی سەرەکی بێت بۆ ئەوەی بەشێك لە خوێنەران و نووسەران و تەنانەت ڕۆشنبیرانیش ئەو بۆچوونەیان لا دروست بووبێت، کە قەڵاکە لە سەردەمی ساسانییەکاندا بنیاد نراوە، لەوبارەیەوە (**حەمید سەعید جاف)** لە وتاریکدا لە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ بە ناونیشانی (دەربارەی چەمچەماڵ و قەڵاکەی لە مێژوودا)، نووسیویەتی" **قەڵای چەمچەماڵ مێژووەکەی زۆر دێرینە و بۆ دەیان سەدەی بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی بۆ سەردەمی ساسانییەکان، کە بۆماوەی زیاتر لە (٢٠٠٠) ساڵ فەرمانڕەوایی کوردستانیان کردووە** ". (٢٠٠٨، ٥). هاوکات (سەید هاشمیش) لە بیرەوەرییەکانیدا مێژووی بنیاد نانی قەڵاکەی بۆ سەردەمی ساسانییەکان گەڕاندووەتەوە. (٢٠٠٠،١٤). لە کاتێکدا میژووی بنیادنانی قەڵاکە بۆ مێژوویەکی زۆر دێرینترلە سەردەمی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە کە دواتر ئاماژەی بۆ دەکەین.

لەلایەکی ترەوە پاش دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق و کردنەوەی بەڕێوبەرایەتی گشتی شوێنەوار لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕووپێویکی گشتی شوێنەوارەکانی عێراقیان کردووە و مێژووی قەڵای چەمچەماڵیان بۆ سەردەمی کاشییەکان و چاخی ئاشووری ناوەڕاست کە سەردەمی گەشەکردنی دەوڵەتی ئاشوورییەکانە (١٦٠٠-٩١١پ.ز) گەڕاندووەتەوە. (١٩٧٠،٥). هاوکات مامۆستا (**کەریم زەند)** لە کتێبی جوگرافیای کوردستاندا وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، لە وەسفی قەڵای چەمچەماڵدا دەڵێت " **گردی مێژووی شوێنەوارییە ناسراو بە قەڵای ئاشوور**"، مێژووی ناوەندی شارۆچکەی چەمچەماڵ مەڵبەندی کاشی (١٧٧٠-١٢٠٠پ.ز) بووە. (٤٦٦،٢٠٠٤). لەبەرانبەردا **(حمید المطبعي) لە** گەشتەکەیدا بۆ کوردستانی عێراق، بیرەوەرییەکانی خۆی لە کتێبێکدا بەناوی (گەشتەکەم بۆ باکووری عیراق) تۆمارکردووە، مێژووی بنیادنانی قەڵاکەی بۆ سەردەمی" **(جمده نصر ٣٠٠٠پ.ز) گەڕاندووەتەوە**". (١٩٨٦، ٢٧٦). هاوکات لە ڕاپۆرتێکی

وەزارەتی ناوخۆدا دەربارەی لیوای کەرکوك، لە باسی چەمچەماڵدا ئاماژەی بۆ قەڵاکە کردووە و میژووەکەی بۆ سەردەمی عیلامییەکان (٢٧٠٠-٦٥٠پ.ز) گەڕاندووەتەوە.(د.ك.و،١٩٣٩-١٩٥٥، ١٤).

یەکیکی تر لەو کەسانەی ئاماژەی بە مێژووی قەڵاکە کردووە، بریتییە لە گەڕیدەو سیاسەتمەداری سەر بە دەزگای هەواڵگریی بەریتانیا (**گیرتروود مارگریت بێڵ**) ، کە لە نامەیەکدا لە (١٩٢١/١١/٩) کە بۆ باوکی نووسیوە، تێیدا باسی ڕۆیشتنی لە کەرکوکەوە بۆ سلێمانی کردووە، کە تێیدا وەسفی ناوچەی چەمچەماڵی کردووە و پێی وایە "**میدییەکان (٧٠٠-٥٥٠پ.ز) قەڵاکەیان بنیاد ناوە**". (٢٠١٦، ١١٠). ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونی مامۆستا (**تۆفیق وەهبی بەگ**)ە، کە پێی وایە " **ئەو قەڵاو شوورایانەی کەوتوونەتە بەشی ڕۆژئاوای زنجیرە چیای ڕۆژئاواوە، لەلایەن دەسەڵاتدارە دێرینەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە دروستکراون**". (٢٠٠،٢٠٠٦).

لەساڵی (٢٠١٢) بە سەرپەرشتی بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی و تیمێکی ئەڵمانی و پەیمانگای بەرلین بۆ ماوەی دوو مانگ کاری کنەو پشکنین و هەڵکۆڵینی لە قەڵا ئەنجامدا و گەیشتنە چینەکانی عوسمانی ئیسلامی و ساسانی. (ئەبوبەکر- شێخ ڕەوف،٢٠١٢، ٦ ؛ ئەبوبەکر، ٦،٢٠١٢). دواتر لە ساڵی (٢٠١٣) وەرزێکی نوێی کنە و پشکنین و هەڵکۆڵین، لە بەشی خوارەوەی باشووری قەڵاکە بۆ ماوەی سێ مانگ دەستی پێکردەوە و گەیشتنە چینی سەردەمی چاخی بەردینی نوی (٦٧٥٠ پ.ز)، ئەمەش یەکێکە لە سەلمێنەرەکانی بوونی پەیوەندی لە نیوان شارستانیەتی چەرمۆ و قەڵای چەمچەماڵدا. (بسیم،٢،٢٠١٣).

یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی دەستنیشانکردنی مێژووی بنیادنانی قەڵاکە لەم دوو وەرزەی کنە و پشکنین و هەڵکۆڵین، بریتی بوو لە تێکەڵبوونی چینە شوێنەوارییەکان، بەهۆی ئەوەی لە ساڵانی(١٩٥٩-١٩٩١) وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بە مەبەستی سازدانی ئاهەنگ و هەندێك جار بنیادنانی پێگەی سەربازیی بە شۆفڵ سەر قەڵایان ڕێکخستووە، لێرەوە دەکرێت بووترێت بەهۆی ئەوەی هێشتا کنە و پشکنین و هەڵکۆڵین لە چینەکانی هەرە خوارەوەی قەڵا نەکراوە، ناتوانین مێژوویەکی دروست بۆ بنیادنانی قەڵاکە دەستنیشان بکەین.

لەکۆتایی ئەم تەوەرەدا جێگەی ئاماژە بۆ کردنە، هەڵکۆڵینی قەڵا بۆ دوو وەرز لە ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٣)، جۆرێك نیگەرانی لەلای بەشێك لە دانیشتووانی چەمچەماڵ بە هەموو چین و توێژەکانەوە دروستکرد، لەبەر ئەوەی لەو باوەڕەدا بوون بە هۆی کنە و پشکنین و هەڵکۆڵینی قەڵاوە ڕووخساری قەڵاکە تێکچووە و بە هەوڵێك بۆ شێواندنی یەکێك لە سیماکانی چەمچەماڵیان دانا، بەڵام ئێمە پێمان وایە لە ڕووی زانستییەوە ئەو بۆچوونە لە جێگەی خۆیدا نییە.

### تەوەری پێنجەم

### هۆکارەکانی بنیادنانی قەڵا

دروستکردنی هەر قەڵایەك ژمارەیەك هۆکاری وەك سیاسی و سەربازیی و ئابووری و دیدەوانی تایبەت بە خۆی هەیە، سەبارەت بە قەڵای چەمچەماڵیش لەو هۆکارانەی ئاماژەمان بۆ کرد بەدەر نییە، لەوبارەیەوە (عەبدولڕەزاق حەسەنی) پێی وایە " قەڵای چەمچەماڵ بە مەبەستی بەرگرییکردن بنیاد نراوە". (١٩٣٣،١٩٢). هاوکات مامۆستا (**تۆفیق وەهبی بەگ**)، لەوبارەیەوە پێی وایە " **بنیاد نانی ئەو قەڵایانە یەکەمیان بە مەبەستی پارێزگارییکردنی ڕێگای هاتوچۆ و بازرگانییان بووە، دووەمیان: وەك شورا و سەنگەرێك بۆ بەرگرییکردن لە خۆیان، بەتایبەتی لە کاتی هێرشی گەلانی دێرینی ناوچەکە و زاگرۆس کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەکرایە سەریان بەتایبەتیش لەو شوێنانەی کەوتنتە بەرانبەر دەربەندەکانی وەك (کفری، دوزخورماتوو، داقوق، چەمچەماڵ، کەرکوك، پردی)، مەبەستیان بووە ئەو قەڵایانە وەك خۆپاریزییەك بەکار بهێنن**". (٢٠٠٦، ٢٠٠). بۆیە قەڵای چەمچەماڵ لە چەقی یەکگرتنەوەی دوو ڕووباردا بنیاد نراوە، کە ئەوانیش زێی بچووك و ڕووباری باسەڕەیە، بۆ ئەوەی لە هێرشی دوژمن پاریزراو بن.(وهاب،٢٠١٩). بەوهۆیەوە قەڵا لە کاتی شەڕەکاندا

هەمیشە خاڵی یەکلای کەرەوە بووە بۆ ئەوانەی لەسەر قەڵاکە بوون، بۆچوونێك هەیە گوایە کە شەڕی یەکلای کەرەوەی نیوان (ئەسکەندەری مەکدۆنی) و (داریوشی سییەم) کە بە شەڕی گەوگەمێلا (gaugamela) (ئەربێلا) ناسراوە لە ساڵی (۳۳۱پ.ز) لەسەر قەڵا بووە، لەوبارەیەوە نووسەری یۆنانی (بلوترخ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات دوای شەڕەکە لە ڕێی (أرباخ)یەوە، کە مەبەست کەرکوکە بەرەو بابل ڕۆیشتن. (جاف،۲۰۰۸، ۵). بەڵام دوای لێکۆڵینەوە لە چەند سەرچاوەیەك گەیشتینە ئەوەی تاوەکو ئێستا هیچ پاشماوەیەکی ئەو شەڕە لە (قەڵغان، شمشێر، ناڵ...هتد) لە دەوورووبەری قەڵاکە نەدۆزراوەتەوە و تاوەکو وەکو بەڵگەیەك ئەوە بسەلمێنرێت کە شەڕی یەکلاکەرەوەیان لەسەر قەڵای چەمچەماڵ بووبێت، بەڵکو شەڕەکە لە نزیك زێی گەورە و سنووری هەولێر بووە. (تالبی،۹۷۵).

هۆکارێکی تری بنیادنانی قەڵاکە بریتی بووە لە چاودێرییکردن و پاراستنی کاروانە بازرگانییەکان لە پەلاماری چەتەکان و وەرگرتنی باج لە کاروانچییەکان بووە، بۆیە لە سەردەمی عوسمانییەکان (۱۵۳٤-۱۹۱۸) کار لەسەر بەرزکردنەوەی قەڵاو پاراستنی کاروانە سەربازیی و بازرگانییەکان لەهێرشی چەکدارانی هۆزەکانی سنوورەکە کراوەتەوە، لەبەرئەوەی ناوچەکانی دەوورووبەری قەڵا دارستانێکی چڕ و شوێنی خۆحەشاردانی بەشێکی زۆر لەو کەسانە بووە کە هێرشیان کردووەتە سەر سوپا و کاروانە بازرگانییەکان و کەلوپەلەکانیان بە تاڵان بردن و زۆرجاریش چەند سەرباز و ئەفسەریان کوشتووە. (سەعید،۲۰۱۹؛ عومەر،۲۰۱۹). لەوبارەیەوە لە یەکێك لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا کە مێژووەکەی بۆ ساڵی (۱۵۷۰) دەگەڕێتەوە، ئاماژەی بەو ڕووداوانە کردووە کە چۆن " میری میرانی شارەزوور داوای لە سوڵتانی عوسمانی کردووە، هەستێت بە بنیادنانی قەڵایەك لەسەر ڕێگای ڕووباری دەربەند لە ولایەتی بابانی سەر بە شارەزوور"، هاوکات بنیادنانی چەند قەڵایەکی بۆ دابینکردنی هێمنی و ئاسایشی ناوچەکە وەرگرتنی باج بە پێویست زانیوە ، بۆ ئەو مەبەستە داوای لە والی بغداد کردووە لەو بابەتە بکۆڵێتەوە ئەگەر بنیادنانی قەڵای بە پێویستزانی هاوکارییان بکات. (ڕۆوف، ۲۰۰۸، ۱۰۱). لە ساڵی (۱۵۸٦) والی بەغداد (سنان پاشا)، هێرشی کردە سەر چەمچەماڵ قەڵاکەی داگیرکرد. (العزاوي،ج٤،۱۹۵٦، ۱٤۵).

لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان قەڵا بۆ ماوەیەکی زۆر پێگەیەکی کارگێری بووە، بۆ زیاتر ڕاپەڕاندنی کارەکانیان لە سنوورەکە قشڵەیەکیان لە بەردوو قسڵ لەسەر قەڵا بنیادنا. (محمد،۲۰۱۹،۲۷۷). دواتر بۆ باشتر جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە سنوورەکەدا تەلەگرافیان لەسەر قەڵا دانا. (۱۳۳۰، ۳۲٦). لێرەوە قەڵا بووە پێگەیەك بۆ بەڕێوەبردن و سەپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر سنووری جوگرافی چەمچەماڵدا، بەشێك لە سەربازەکانی شاهانەی نیزامی دەوڵەتی عوسمانییان لەسەر قەڵاکە نیشتەجێ کرد. (باجگر،ب۱۸،۲۰۱۸،۵). هەموو هەوڵێکیان بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندییان بەسەر سنووری چەمچەماڵدا بەکارهێنا، جگە لە سەپاندنی باج و سەرانە بەسەر کاروانچییەکان. (بك،۲۰۰٦، ۲۰۰). خەڵکی سنوورەکەیان چەوساندووەتەوە، بەوهۆیەوە بەشێك لە هۆزەکانی چەمچەماڵ بە دەسەڵاتی عوسمانییەکان ڕازی نەبوون، لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا توانییان ڕێگای بازرگانی نێوان کەرکوك و سلێمانی ببڕن. (هەمەوەند،۸۳،۲۰۱۰). چەندین جار هێرشیان کردووەتە سەربنکە و بارەگاکانی سوپا لە سنووری چەمچەماڵدا و زیانی گیانی و ماددیان پیگەیاندن، لەوانە لە ساڵی (۱۸۸۸) هێزێکی (۲۱) سوارەی بە فەرماندەی (حەمەی مام سلێمان) هێرشیکردە سەر قەڵاو سێ سەربازیان کوشت و دەستیان بەسەر (۱۲) تفەنگدا گرت. (باجگر،ب٤،۲۰۱۸،۵). بەوهۆیەوە چەندین جار سوپای عوسمانی لە کەرکوکەوە بە ئامانجی سەپاندنی یاسا بۆ سنوورەکە هێنراوە و لەسەر قەڵا جیگیر کراون، لەلاکی ترەوە قەڵا ببووە شوێنێك بۆ پشوودانی بەشێك لە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی و چەند گەڕیدەیەك کە لە کەرکوکەوە بۆ سلێمانی ڕۆیشتوون. (ڕیچ، ۲۰۱۲، ۷٤). بەوجۆرە لە پاش نەمانی دەسەڵاتی عوسمانییەکان و هاتنی ئینگلیزەکان (۱۹۱۸-۱۹۲۱) و دواتر دامەزراندنی حکومەتی پاشایەتی لە عیراق (۱۹۲۱-۱۹۵۸)، قەڵاکە بۆ بوارەکانی

سەربازیی و پشوودان سوودی لێوەرگیراوە. (١٩٢٤،٤١). جگە لە ئەو مەبەستانەی پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئەم قەڵایە بۆ (بەرق) [٣] کردنیان بەکارهێناوە، ئەوەش بۆ گرێدانی پەیوەندی نێوان پێگە سەربازییەکانیان لە سنووری چەمچەماڵدا سوودی لیوەرگیرا، بەتایبەتی پەیوەندی سوپا لەسەر قەڵاوە بە بنکە و بارەگا سەربازییەکانیان لە (شاخی خوێڵین، سەنگاو، سەگرمە، خالخالان، ئاغجەلەر). (ئەحمەد، ١٩٩٨، ٩).

حکومەتی عێراقی لە ساڵانی(١٩٦١-١٩٩١) قەڵاکەی زیاتر بۆ مەبەستی سەربازیی بەکارهیناوە، بە کردەوەش لە ڕاپەڕینی (١٩٩١)ی دانیشتوانی چەمچەماڵ ئەوە دەرکەوت، کە سەربازەکانی سەر قەڵا زۆرترین بەرگرییان کرد و ژمارەیەك هاووڵاتییان شەهید و بریندار کرد. هاوکات لە کاتی هێرشی سوپای عێراقی بۆ داگیرکردنەوەی چەمچەماڵ چەند هاووڵاتییەك لەسەر قەڵاوە بەرگرییان کرد، لەلایەکی ترەوە لەدوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ساڵانی (١٩٩٢-١٩٩٤)، ئەم قەڵایە لە شەڕی نێوان حیزبە کوردستانییەکان و چەند خێزان و هۆزێکی چەمچەماڵدا بۆ هێرشکردنە سەر یەکتری بەکارهێنرا. (وهاب، ٢٠٢١، ٩٧). کەواتە لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا گەیشتینە ئەوەی هەرچەندە بنیادنانی قەڵا زیاتر بە مەبەستی سەربازیی و وەرگرتنی باج بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ مەبەستەکانی دیدەوانی و پشوودان و هەندیکجار گەشت و بینی سروستی ناوچەکە و ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لە کاتی بانگەکانی مەغریب و پارشێوانی مانگی ڕەمەزان و کردنەوەی ئاگری نەورۆز و، چەند جارێك لەلایەن بەشێك لە هاووڵاتییان و هۆزەکانەوە بۆ هێرش کردنە سەریەکتری سوودی لیوەرگیراوە.

---

(٣) بەرق بریتی بوو لە سێ پایەکی ڕێکوپێك دوو ئاوێنەی لەسەر چەسپکرا بوو، لە دواوەی وەك گێر وابوو دەجوڵێنرا دەتوانرا بە لای ڕاست و چەپ و سەر و خواردا بجوڵێنرێت تاوەکو شوێنی بەرامبەرەکەی لە دوورەو دەدۆزیەوە، ئەم بەرقە کارمەندی پۆلیسی ڕاهێنراوی تایبەتی خۆی هەبوو. (ڕەحیم،٢٠١٩؛شاکێو، ٢٠٠٦، ٢٥٥).

**ئەنجام**

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك لەوانە:

١. قەڵای چەمچەماڵ یەکێکە لە قەڵا دێرینەکانی کوردستان و قەڵایەکی دەستکردە و لەسەر پاشماوەی شارێکی دێرین بنیادنراوە، خۆڵەکەی هەمان خۆڵی سنووری چەمچەماڵە کە دەوڵەتی عوسمانی بە مەبەستی بەرزکردنەوەی قەڵاکە بە هێزی سەربازیی خەڵکی سنوورەکەی ناچار کردووە کە بە گونییە و تورەکە خۆڵ بهێنن و لە سەر قەڵاکەی ڕۆبکەن.

٢. مێژووی بنیادنانی نانی قەڵا نەزانراوە، بەوهۆیەوە بیروبۆچوون لەبارەی مێژووی بنیادنانی قەڵاکە جیاوازە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی کنەوپشکنین و هەڵکۆڵینەکانی لە قەڵادا ئەنجامدراوە، ئەوە دەرکەوتووە قەڵاکە بەر لە (٧٠٠٠پ.ز) بوونی هەبوو.

٣. قەڵا بە مەبەستی (سەربازی، ئابووری...هتد) لە نزیك سەرچاوەی ئاوەوە بنیاد نراوە. لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان و دواتر ئینگلیز و حکومەتی عێراقی سوپا لەسەر قەڵا جێگیر کرا، سەرەتا لە سەردەمی عوسمانییەکان قشڵەیەك و دواتر پاش ڕووخاندنی قشڵەکە لە سەردەمی حکومەتی بەعسی عێراقیدا بە مەبەستی جێگیر کردنی سوپا ژوورێکی بچووك و پێداویستییەکانی تری لەسەر بنیاد نرا.

٤. بەرزیی قەڵاکە لە هەرچوارلاوە جیاوازە، بەهۆی ئەوەی ئەو زەوییەی کە قەڵاکەی لەسەر بنیاد نراوە زەوییەکی لێژە، بەجۆرێك تاوەکو لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات بڕۆیت لێژییەکەی زیاتر دەبێت، بەو هۆیەوە بەرزیی قەڵاکە لە لای ڕۆژهەڵاتییەوە لە لاکانی تری بەرز ترە.

٥. قەڵا لە دوای ڕاپەڕین بە تەواویی فەرامۆشکراوەو زیانیکی زۆری بەرکەوتووە، بەجۆرێك لەلای ڕۆژهەڵاتییەوە زیانێکی زۆری بەرکەوتووەو بەشێکی داڕووخاوە و، پاسەوان و خزمەتگوزاریی نییە بە تێپەڕبوونی کات زیانی زیاتری بەرکەوتووە.

**لیستی سەرچاوەکان**


**یەکەم// بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان- خانەی کتێب و بەڵگەنامەی نیشتیمانی عێراقی**

١. ملفات وزارة الداخلية، رقم الملفة ٦٧٧١، التصنيف ٣٢٠٥٠، العنوان الملفة (تقارير لواء كركوك ١٩٣٩-١٩٥٥).
٢. ملفات وزارة الداخلية، رقم الملفة ٩٣٢٠، التصنيف ٣٢٠٥٠، العنوان الملفة (تفتيش جم جمال ١٩٣٩).
٣. ملفات الاحتلال البريطاني، رقم الملفة ١٦ عربي، العنوان الملفة (كردستان الجنوبية ١٩٢٤).

**دووەم// بڵاوكراوە حكومییەكان بە زمانی عەرەبی**

١. جريدة الوقائع العراقية، العدد ٢٢٤٣، بيان رقم ٧، المواقع الاثرية في جمجمال، ١٩٤٤/١٢/٤.
٢. جريدة الوقائع العراقية، العدد ٢٩٢٦، بيان رقم ١، المواقع الاثرية في جمجمال، ١٩٥١/١/١٧.
٣. موصل ولايتي سالنامة رسميسيدر، سنة هجرية مخصوص دردنجى دفعه اولةرق ١٣٢٥، مطبعة ولايتدة طبع اولنشمدر.
٤. موصل ولايتي سالنامة رسميسيدر، سنة هجرية مخصوص اولمق بيشنجي دفعه اولارق ١٣٣٠، موصل مطبعة سندة طبع اولنشمدر.

**سییەم // ڕاپۆرتی تیمەکانی کنەوپشکنین**

١. بسيم، مؤيد سعيد(٢٠١٣)، التقرير الموسمي لموقع سبي حصار(قلعة جمجمال)، المخططات والرسوم: صابر احمد صابر، جداول اللقي والتسجيل، بروين ياور مند-ئامانج حمة أمين رحيم، التصوير: صابر أحمد صابر.

**چوارەم//یاداشت و گەشتنامەکان**

**أ- بە زمانی کوردی**

١. پیریادی، زەنون(٢٠١٠)، چەمچەماڵ لە چل و پەنجاکانی چەرخی بیست دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژ، کەرکوك.
٢. زەند، کەریم(٢٠٠٤)، گەشتی زەند، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٣. حمەرەش، کەریم(٢٠١٩)، چەمچەماڵ لە بیرەوەری نوسەردا لە نێوان ساڵانی ١٩٥٢-١٩٦٢، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
٤. ڕیچ ، کلۆدیۆس جەیمس(٢٠١٢)، گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حەمەباقی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
٥. بێڵ، مس(٢٠١٦)، کورد لەنامەکانی میس بێڵدا، و: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران.
٦. محمد، محمد صابر (٢٠١٩)، بیرەوەرییەکانی ژیانم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
٧. بەغدادی، مونشی(٢٠١٤)، سەفەرنامەی مونشی بەغدادی لەتەك مستە ڕیچدا ١٨٢٠، وەرگێڕانی ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
٨. ئەحمەد، هاشم سید(٢٠٠٠)، چەمچەماڵ لە یادەوەریمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی گوڵزار، سلێمانی.
٩. شریف، عبدالستار تاهیر(٢٠٠٥)، ململانێ لەگەڵ ژیاندا ١٩٣٥-١٩٧١، بەرگی١، چاپی یەکەم،چاپخانەی ئەرابخا، کەرکوك.

**ب- بەزمانی عەرەبی**

١. باقر، طه و سفر، فواد(١٩٦٥)، المرشد الى مواطن الأثار والحضارة (الرحلة الرابعة) بغداد-كركوك- السليمانية، طبعة الاولى، دار الجمهورية للطباعة والنشر، بغداد.
٢. المطبعي، حميد(١٩٨٦)، رحلتي الى شمال العراق، طبعة الاولى، مطبعة الاديب البغدادية، بغداد.

**پینجەم// کتێب**

**أ–بە زمانی کوردی**


١. وهاب، ئومید خطاب(٢٠٢١)، راپەڕینی ناوچەی چەمچەماڵ ١٩٩١، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
٢. کەریم، سەروەر ئەحمەد(٢٠٠٣)، چەمچەماڵ بەر لە مەملەکەتی ئاشور تا حکومەتی هەرێم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی.
٣. فەتاح، شاکر(٢٠٠٨)، کۆمەڵە رۆژنامەی چەمچەماڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
٤. مدرس و فاتح، مەلاعبدالکریمی و عبدالكريم(١٩٨٦)، فاتح، کۆمەڵە شیعری فەقی قادری هەمەوەند، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.
٥. باجگر، نەوزاد یەحیا(٢٠١٨)، بازیان و چەمچەماڵ لەبەڵگەنامەکانی عوسمانیدا١٨٨١–١٩١٨،و: ئاشتی رەحمان، بەرگی پینجەم، چاپی یەکەم، هەولێر.
٦. هەمەوەند، کریم ئاغای(٢٠١٠)، هۆزی هەمەوەند و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردایەتی ١٧٨٧–١٩١٨، چاپی یەکەم، چاپخانەی کرکی، بیروت.
٧. عەسکەری، مستەفا(٢٠٠٨)، ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی هەقە، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.


**ب– بە زمانی عەرەبی**


١. الاثار القديمة العامة،(١٩٥٢)، التلول والمواقع الاثرية حسب الاحكام المادة الثامنة من قانون الاثار القديمة رقم (٩) لسنة ١٩٣٦، مطبعة الحكومة، بغداد.
٢. ادموندز(١٩٧١)، كرد و ترك و عرب سياسة ورحلات وبحوث عن شمال الشرقي من العراق ١٩١٩–١٢٥، ت: جرجيس فتح الله، طبعة الاولى، مطبعة التايمس، بغداد.
٣. الدباغ، تقي(١٩٨١)، مقدمة في علم الأثار، طبعة الاولى، دار الجاحظ، بغداد.
٤. بك، توفيق وهبي(٢٠٠٦)، الاثار الكاملة، جلد١، طبعة الاولى، مطبعة شفان، السليمانية.
٥. خوشناو، سردار عزيز(٢٠١٣)، التشريعات العقابية في القوانين العراقية، طبعة الثالثة، مطبعة رۆژهەڵات، أربيل.
٦. باقر، طه(١٩٧٣)، مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة، الجزء الأول (الوجيز في تأريخ حضارة وادي الرافدين)، طبعة الاولى، طبعة الحوادث، بغداد.
٧. الهاشمي، طة(١٩٣)، مفصل جغرافية العراق، طبعة الاولى، مطبعة دارالسلام، بغداد.
٨. اغا و ملا مصطفى ، فهمي عرب – فاضل محمد (١٩٥٧)، ماذا في كركوك، طبعة الاولى، مطبعة التتويج، بغداد.
٩. الحسني، عبدالرزاق(١٩٣٣)، موجز تار تاريخ البلدان العراقية، طبعة الثانية، مطبعة العرفان، صيدا.
١٠. العزاوي، عباس(١٩٥٦)، موسوعة العراق بين احتلالين، جلد٤، مطبعة وزارة المعارف، بغداد.
١١. رؤوف، عماد(٢٠٠٨)، عبدالسلام دراسات وثائقية في تاريخ الكرد الحديث وحضارتهم، طبعة الاولى، مطبعة الثقافة، أربيل.
١٢. مديرية الاثار عامة، (١٩٧٠) مواقع الاثرية العراق، نشرة مطبعة فى مطبعة حكومة، بغداد.


**شەشەم// نامەی ماستەر بە زمانی عەرەبی**


١. عزيز، فاروق واحد محمد (٢٠١١)، التحليل الجغرافي لمراحل التوسع الحضري لمدينة، رسالة ماجستير (غيرالمنشورة)، مقدمة الى مجلس كلية التربية في جامعة الموصل.

**حەوتەم// ئینساکلۆپیدیا بە زمانی کوردی**

١. تالبی، احلام سعدالله (٢٠٠٩)، مێژووی کۆنی سیاسی هەولێر، ئینساکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی٣،چاپی یەکەم، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان.

**هەشتەم// ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە زمانی کوردی**

**أ. ڕۆژنامەکان**

١. جبار، ئازاد(٢٠٠٩)، بایەخی جیۆپۆلەتیکی قەزای چەمچەماڵ، ڕۆژنامەی چەرموو، ژمارە٢٨.
٢. شوانی، ئاکۆ محەممەد(٢٠٠٥)، مێژووی چەمچەماڵ و سەرەتای دروستبوونی، چەمچەماڵ، ژمارە ١.
٣. وهاب، ئومێد خەتاب(٢٠١٠) ، شارەکەت بناسە، ڕۆژنامەی چەرموو، ژمارە٣٤.
٤. حەسەن، سەنگەر (٢٠١٣)، ڕەحمان دەهۆڵچی، ڕۆژنامەی چەرموو، ژمارە٦٢.
٥. جاف، حەمید(٢٠٠٨)، چەمچەماڵ و قەڵاکەی لە مێژوودا، چەمچەماڵ، ژمارە٣٠.
٦. ئەحمەد، دڵشاد(١٩٩٨)، مەملەحە ئەو گوندەی هەموومان نمەکمان کردووە، کوردستانی نوێ، ژمارە١٧٢٥.
٧. ئەبوبەکر و شێخ ڕەوف، هەردی و پێشەوا(٢٠١٢)، کنەوپشکنین بۆ قەڵای سپی حەسار دەکریت، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٧٦٥.
٨. ئەبوبەکر، هەردی(٢٠١٢)، کنەوپشکنین لە قەڵای سپی حەسار، کوردستانی نوێ، ژمارە٥٩٥٠.
٩. .........، .......(٢٠٠٩)، قەڵای سپی حەسار بەرەو داڕووخان دەچێت، کوردستانی نوێ، ژمارە٥٠٥٩.

**ب. گۆڤارەکان**

١. قادر، عەدنان(١٩٩٦)، باتاوێك لای چەمچەماڵ بووەستین، ئاران، ژمارە ١.
٢. شاکیو، (٢٠٠٦)، هەندیك لەو شتانەی لە ساڵانی ناوەڕاستی (١٩٤٠) لە سەنگاو بینراون، سەنگاو ژمارە ٣-٤.
٣. تۆفیق، موحەممەد نوری(١٩٩٨)، یەکەم ئاهەنگی جەژنی نەورۆزمان چۆن گێڕا؟، ئاران، ژمارە ٥.

**نۆیەم// سەردانی مەیدانی**

١. سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ سەر قەڵا لە ٢٠١٩/٣/١٢.
٢. سەردانی مەیدانی توێژەر لە ٢٠١٩/٣/٢٢ پێوانی ڕێگای سەرەکی سەکەوتن بۆ سەر قەڵا بە مەتر.
٣. سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ سەر قەڵا لە ٢٠١٩/٤/٢ پێوانی بەرزییەکەی بە GPS.

**دەیەم// ئەرشیفی تایبەت**

١. وەرگرتنی وێنەکانی قەڵای چەمچەماڵ، لە ئەرشیفی کاك ( جەلال حوسێن جەباری )، لە (٢٠٢٣/٢/٢٥).

**یازدەیەم// چاوپێکەوتنەکان**

١. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مام (خالید ڕەحیم محەممەد)، لە دایکبووی ساڵی (١٩٤٧)، لە چەمچەماڵ، لە (٢٠١٩/٣/٩).
٢. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مام (ڕەشید کوێخا ڕەحیم)،لە دایکبووی ساڵی (١٩٣٤)، لە چەمچەماڵ، لە (٢٠١٩/٤/٢٥).
٣. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مامۆستا (عەبدولڕەحمان مەلامحەممەد سەعید)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٣٦)، لە سلێمانی، لە (٢٠١٩/٥/١٦).
٤. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کاك (ساڵەح سەعید شاکەرەم)، لە دایکبووی ساڵی (١٩٥٢)، لە چەمچەماڵ، لە (٢٠١٩/٣/٢٢).
٥. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ حاجی(عومەری حاجی ڕەشید)،لە دایکبووی ساڵی (١٩٣٤)، لە کەرکوك، لە (٢٠١٩/٤/١٠).

٦. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مامۆستا (عومەر خورشید قادر)، لە دایکبووی ساڵی (١٩٤٩)، لە چەمچەماڵ، لە (٢٠١٩/٣/٢٤).
٧. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کاك(عومەر حەسۆ کەریم)، لە دایکبووی ساڵی(١٩٥٦)، لە چەمچەماڵ، لە (٢٠١٩/٣/١٥).

**پاشکۆی ژمارە (١)**

**دیمەنی قشڵەکەی سەر قەڵا.**




**دیمەنی ڕووخساری قەڵا.**



**وەرگیراون لە ئەرشیفی کاك ( جەلال حوسێن جەباری )، لە (٢٠٢٣/٢/٢٥).**